
# Ulf Eskilsson

# بەرۆکگیریی ماتەماتیکانە




Sica

Matte utmaningar

Ulf Eskilsson

Sica - www.sica.se

Översättning till kurdiska: Asos Shafeek, Stockholm 2017

بەرۆکگیریی ماتەماتیکانە.

دەفتەرچەیە بۆ پۆلەکانی ئاستی ناوەند.

نووسەر: Ulf Eskilsson

وەشانخانە: Sica

تەرجەمەی لە سویدییەوە: ئاسۆس شەفیق، ستۆکهۆلم 2017

ئەم تەرجەمە کوردییە پێشکەشە بە فێرخواز و مامۆستای کوردستان، بۆ بازاڕ و فرۆشتن نییە.

**پێڕست**


دەستپێک 4
ژمارەکانی خۆم 5
مارمارۆکە 6
پاکەت و زار 7
پێوەر (سکێل)ی 2:1 9
باخی گیانەوەران 11
کاتەهێڵ 13
ڕەچەتە 14
نەخشەی ڕەنگین 15
ئاڵا 16
پرسیار دەربارەی ژاڵە 17
شیفرە 19
لادووکان 21
نیگار! 22
چیرۆکی ژمێرکار 23
ژمارەی نهێنی 24
دیاگرامی پەنهان 27
ڕوانگەی جۆراوجۆر 29
لیستی ژمارەی تەلەفۆن 30
بەستەنی 31
ژمێرکاریی هزرزا 32
پەرژینی مێگەل، پێوەر 1:100 34
تێکست و ژمارە 36
ئاوێنە 37
نەخشەی ئەورووپا 39
پرسیار دەربارەی بارام 41
وەرزشی ڕەنگاڵە 42
کێ سەرکارە؟ 43
خاڵی وەرزش 44
خانۆچکە، پێوەر 1:100 46
بیر 48
هێڵی ساڵ 50
لیستی زانڕۆژی پۆل 51
خەزێنەی پۆل 52
هونەرکاری 53
نەخشەی گەنج 54
خۆشاو 56
تەونی ئالگۆریتم 57
نیگارکێشی 58
چادر 59
کونچکاو؟ 60
زمانی ماتەماتیک 61
پرسیاری سێ بژارە 64
بەرۆکگیریی دیکە 65
هەڵسەنگاندن 66

**دەستپێک**

**بۆ مامۆستا** – «پلانی فێرکاری» دەڵێت: سەرەنجامی خوێندنی ماتەماتیک دەبێت زەمینە بڕەخسێنێت بۆ فێرخواز پەرە بە توانای خۆی بدات بۆ:

- ❖ دارِشتن و چارەسەرکردنی کێشە بە یارمەتیی ماتەماتیک و هەروەها هەڵسەنگاندنی رِێباز و ستراتیژی هەڵبژاردە.
- ❖ پیادەکردن و شرۆڤەکردنی چەمکی ماتەماتیک و پەیوەندیی نێوان ئەو چەمکانە.
- ❖ هەڵبژاردن و پیادەکردنی رِێبازی گونجاوی ماتەماتیکانە بۆ چارەدۆزی و بۆ ژمێرکاری.
- ❖ تێگەیشتن و بەشداربوون لە گفتوگۆی ماتەماتیکانەدا.
- ❖ بەکارهێنانی دەربرِینی ماتەماتیکانە بۆ گفتوگۆ دەربارەی دۆزی جۆراوجۆر، بۆ بەڵگەکاری و راڤەکردن، بۆ ژمێرکاری و ئەنجامگیری.

«بەرۆکگیریی ماتەماتیکانە» کتێبێکی راهێنانە بۆ پۆلەکانی ئاستی ناوەند. فێرخواز لەم دەفتەرچەیەدا بەرکەوتی دەبێت تەک پرسیار، چارەسەری کێشە و ئەرکی سەرنجراکێش. لاپەرِەکان بەرۆکگیرییان هەیە، هەمەرِەنگ و نێزیک لە ژیانی رِۆژانەی خۆیان. خەریکبوون بەم ئەرکانەوە گفتوگۆی دەبێت دەربارەی رِێبازی بیرکردنەوە و چۆنەتیی دۆزینەوەی وەڵام. بەم جۆرە فێرخواز هان دەدرێت بیر لە وەڵامی خۆی بکاتەوە. لە گفتوگۆدا پێویستیی زمانی ماتەماتیک خویا دەبێت. لە کۆتای کتێبەکەدا زمانی ماتەماتیک بەسەر دەکرێتەوە و لەوێدا چەمک و دەستەواژەی ماتەماتیک دێنە ناساندن و راڤەکردن.

**بۆ فێرخواز** – گشت پرسەکانی نێو ئەم نامیلکەیە بۆ رِاهێنانی توانایە لەسەر چارەسەرکردنی کێشە. تۆ دەتوانیت بخوێنیتەوە، بیر بکەیتەوە، بنووسیت، نیگار بکێشیت و هەروەها باس لە بیرکردنەوەکەی خۆت بکەیت. بەڵام گرینگیشە گوێ بۆ پێشنیازی ئەوانەی دیکەش رِادێریت. چونکە لەوانەیە ویکرِا چارەسەری زیرەکانەی نوێ بدۆزنەوە.

**بەدەم کاری ئەم کتێبەوە بیر لەم خاڵانە بکەوە:**

- وەڵامی پرسیارەکانت داوەتەوە؟
- لە وەڵامەکاندا «یەکەی پێوانە»ت بەکارهێناوە؟
- خۆت بە «ژماردنی هزرزا» (ژماردن لە دڵدا) رِابهێنە. ژماردنی هزرزا مێشک بەهێز دەکات.
- بەدەم چارەسەری کێشەوە، بە خامە (پێنووس) هەم بنووسە و هەم نیگار بکێشە بۆ ئەوەی چارەسەرکردنەکە لە بیرت بچەسپێت و پاشان بتوانیت بۆ کەسانی دیکەی رِاڤە بکەیت.
- هەمیشە بیر بکەوە!

**ژمارەکانی خۆم**

ناوم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

بەرواری ئەمڕۆ: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

بەرواری زانرۆژم (ڕۆژی لەدایکبوونم) : - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

سەنگ (بارست)ـم: - - - - - - - - - - - - کیلۆگرام.

باڵام: - - - - - - - - - - - - - سانتیمەتر.

ژمارەی تەلەفۆنم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

ئەندازەی پێڵاوەکانم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

ژمارەی ماڵەکەم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

ژمارەی فێرخوازی پۆلەکەم: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.

پۆلەکەم - - - - - - - - کوڕ و - - - - - - - - کیژی تێداتە.

ژمارەی بەختم: - - - - - - - - - - - - - -.

ژمارەی خۆشترین لاپەڕەی ئەم کتێبە - - - - - - - - - - - - - -.

دیدار تەک هاوپۆلێکت ساز بکە دەربارەی ژمارەکانی خۆی.

**بیری لێ بکەوە!**

وانەی ماتەماتیک بەلای تۆوە چۆنە؟ نیشانەیەک لەم هێڵە بدە.

خۆش - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - ناخۆش

بە - - - - - - - - - چرکە دەتوانم لە 30 وە هەتا 0 پشتەوژمێر بکەم.

**مارمارۆکە**

خانەی «سەرشار» بکە دەستپێک و هێڵێک ڕاکێشە بۆ خانەی وەڵام. ئەوجا بەردەوام بە بۆ وەڵامی پرسیاری ئەم خانە تازەیە. هێڵەکان وەها بکێشە لە ئەنجامدا مارێکی لێ ساز بێت.

| | | | |
|---|---|---|---|
| **سەرشار**<br>من 100 م هەیە. کێ نیوەی هەیە؟ | من 70 م هەیە. کێ 20 ی زیادتر هەیە؟ | من 66 م هەیە.<br>ئافەرین! گەر هەموو هێڵەکانت دروست کێشابێت ئەوا گەیشتوویتە ئامانج. | من 78 م هەیە. کێ 12 ی کەمتر هەیە؟ |
| من 35 م هەیە. کێ دوو هێندەی هەیە؟ | من 50 م هەیە. کێ 10 ی کەمتر هەیە؟ | من 90 م هەیە. کێ نیوەی هەیە؟ | من 49 م هەیە. کێ 29 ی زیادتر هەیە؟ |
| من 40 م هەیە. کێ دوو هێندەی هەیە؟ | من 55 م هەیە. کێ 20 ی کەمتر هەیە؟ | من 99 م هەیە. کێ 50 ی کەمتر هەیە؟ | من 45 م هەیە. کێ 20 ی کەمتر هەیە؟ |
| من 15 م هەیە. کێ 40 ی زیادتر هەیە؟ | من 80 م هەیە. کێ 20 ی کەمتر هەیە؟ | من 72 م هەیە. کێ 27 ی زیادتر هەیە؟ | من 25 م هەیە. کێ 12 ی زیادتر هەیە؟ |
| من 60 م هەیە. کێ نیوەی هەیە؟ | من 30 م هەیە. کێ 15 ی کەمتر هەیە؟ | من 37 م هەیە. کێ 14 ی زیادتر هەیە؟ | من 51 م هەیە. کێ 21 ی زیادتر هەیە؟ |


- نانێکمان هەیە بازنەییە دەبێت بەشی بکەین بۆ هەشت پارچەی یەکسان. دەبێت چەند جار نانەکە پارچە بکەین؟ بنووسە و نیگار بکێشە!
- نانێکمان هەیە چوارگۆشەییە دەبێت بەشی بکەین بۆ شەش پارچەی یەکسان. چەند جار دەبێت نانەکە پارچە بکەین؟ بنووسە و نیگار بکێشە!

**بیری لێ بکەوە!**

لە کام ژووری ماڵەوە ماتەماتیک زیادتر دێتە بەکارهێنان؟


## پاکەت و زار

❖ کام لەم نیگارانە بە نووشتاندنەوە دەکرێتە پاکەتێکی سەرئاوالْە؟ نیشانەی P لێ بدە.
❖ کام لەم نیگارانە بە نووشتاندنەوە دەکرێتە زار؟ نیشانەی Z لێ بدە.




خالْ بخە سەر ئەو نیگارانەی بوونە زار.

چەند سێگۆشە لەم نیگارەدا هەیە؟



چەند لاکێشە لەم نیگارەدا هەیە؟




**بیری لێ بکەوە!**

پاکەتێک و زارێک بێنە. وێنەی دیوەکانی پاکەتەکە و زارەکە لەسەر کاخەز بکێشە. ئەوجا وێنەکان لێک بدە و بزانە پاکەت و زاری لێ ساز دەبێت.

**پێوەر 2:1**

ئەم نیگارە بە ئەندازەی دوو هێندە گەورەتر دروست بکەوە. لەم کارەدا تەونی خانەدار بەکاربهێنە. پێوەری نیگارە تازەکە دەبێتە 2:1 (دەنووسرێت: پێوەر 2:1). واتە یەک سانتیمەتری نیگارە بچووکەکە دەبێتە دوو سانتیمەتر لە نیگارە گەورە نوێکەدا. دوو سانتیمەتر لە نەخشەکەی تۆدا دەبێتە بەرانبەر یەک سانتیمەترە لە نیگارە کۆنەکەدا.



**بیری لێ بکەوە!**

چەمکی «پێوەر» لە کوێدا سوودبەخشە؟

- کاتێک مۆدێلی فڕۆکە دروست دەکەم.
- کاتێک پرتەقاڵ دەخۆم.
- کاتێک سەیری نەخشە دەکەم.
- کاتێک مۆز دەخۆم.
- کاتێک دەنۆڕمە نەخشەی خانوو.
- پێشنیازی دیکە...


**ژمێرک**

ئەنجامی ئەم پرسیارانە بە ژمێرک بدۆزەوە و ئەوجا بە ژمارە و بە پیت لێرەدا بیاننووسەوە:


| | ژمارە | پیت |
|---|---|---|
| 157 + 548 = | | |
| 925 - 210 = | | |
| 999 - 465 = | | |

**باخی گیانەوەران**

لەم باخچەیەدا جێی پێنج دەم و شازدە پێ دەبێتەوە. وێنەی گیانەوەرەکانی ئەم باخچەیە بکێشە.



لەم باخچەیەدا جێی هەفت دەم، سێ کلک و بیست پێ دەبێتەوە. وێنەی گیانەوەرەکانی ئەم باخچەیە بکێشە.




**بیری لێ بکەوە!**

کاتی بیرکردنەوە و ژماردن کام دەستاوێژ بەکار دەهێنیت؟


- ❖ ژمێرک
- ❖ دارکەلا، ئاباکوس Abacus
- ❖ پەنجەی دەست
- ❖ ڕاستە، ڕاستەکێش Ruler, rule
- ❖ بازنەکێش، پەرگال Compass (drawing tool)
- ❖ گۆشەپێو Protractor
- ❖ کاخەز و پێنووس (خامە)
- ❖ پێشنیازی دیکە…

مەتەڵ


- ❖ چەند جار دەتوانیت دوو لە دوازدە کەم بکەیتەوە؟




دارکەلا




ژمێرک



بازنەکێش، پەرگال



گۆشەپێو

**کاتەهێڵ**

هێڵێک بکێشە بۆ خاڵێکی سەر کاتەهێڵ کە بۆ تۆ گونجاوبێت.

| | | |
|---|---|---|
| | 06:00 | |
| | 07:00 | |
| | 08:00 | |
| کۆتای دەوامی فێرگەمە | 09:00 | دەچم بۆ وەرزش |
| کاتی هۆشیاربوونی بەیانیمە (لەخەو هەڵدەستم) | 10:00 | کاتی یەکەم پشوومە |
| تەماشای تەلەڤیزیۆن (تیڤی) دەکەم | 11:00 | فراڤین (نانی نیوەڕۆ) دەخۆم |
| کاتی ددانشۆردنە | 12:00 | دەچم بۆ فێرگە |
| بەرچایی (نانی بەیانی) دەخۆم | 13:00 | کاتی ددانشۆردنە |
| گوێ لە موزیک دەگرم | 14:00 | شیو (نانی ئێوارە/شەوان) دەخۆم |
| دەستپێکی فێرگەیە | 15:00 | دێمەوە ماڵ |
| دەخەوم | 16:00 | دەخوێنمەوە |
| پێشنیازی دیکە... | 17:00 | پێشنیازی دیکە |
| | 18:00 | |
| | 19:00 | |
| | 20:00 | |
| | 21:00 | |
| | 22:00 | |
| | 23:00 | |

**بیری لێ بکەوە!**

- ❖ جار هەیە کات خێراتر دەڕوا. بۆچی؟

چەند پرسێک بۆ ئەو ڕۆژەی دەبیتە دە ساڵ!

- ❖ چەند مانگ ژیاویت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - -.
- ❖ چەند هەفتە ژیاویت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - -.
- ❖ چەند ڕۆژوشەو ژیاویت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - -.

**ڕەچەتە**

میۆانت دێت و دەبێت بەشی هەموان کولیچە ساز بکەیت. ناچاریت گشت ژمارەکانی ئەم ڕەچەتانە دووهێند بکەیت بۆ ئەوەی میۆانەکانی تێر کولیچە بن. لە ڕەچەتەکاندا بنووسە.

| شەکرلەمە | کولیچەچۆکلاد | کولیچەڕەنگاڵە |
|---|---|---|
| ڕۆنەکەرە 50 gram | ڕۆنەکەرە 100 gram | ڕۆنەکەرە 125 gram |
| هێلکە 2 دانە | شەشپەڕەی جۆ 3 dl | هێلکە 2 دانە |
| شەکر 2 dl | شەکر 1 dl | شەکر 3 dl |
| ئارد 3 dl | کاکاو 2-4 کەوچکەئاش | کاکاو 1 dl |
| پاودەری هەویرەمەنی (پیکینپاودەر) 2 کەوچکەچا | قاوە 2 کەوچکەئاش | پاودەری هەویرەمەنی 1 کەوچکەچا |
| توێکڵی ڕنراوی لیمۆ 1/2 دانە | شەکری ڤانیل 1 کەوچکەچا | شەکری ڤانیل 2 کەوچکەچا |
| شیر 1 dl | شەکری درشت 2 dl | ئارد 4.5 dl |
| | | شەکری درشت 1 dl |

❖ کام جۆر کولیچە بە بۆچوونی تۆ خۆشترین دەردەچێت؟ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ.
❖ کام دوو ڕەچەتە لە یەکدی نێزیکن؟ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ ـ.

لیستێک بە ناو و بڕی ئەو کەرەستانە ئامادە بکە کە دەبێت بیانکڕیت بۆ کولیچەکان.

**بیری لێ بکەوە!**

❖ ئایا وەڵامەکان گونجاون؟
❖ یەکەی پێوانەکانت تەواو نووسیوە؟
❖ وەڵامی گشت پرسیارەکانت داوەتەوە؟
❖ ژمارەکان دەخوێندرێنەوە؟
❖ دەتوانیت باسی بکەیت چۆنت بیر لێ کردۆتەوە؟

**پێنج هەڵە لەم تابلۆیەدا بدۆزەوە!** نەسرین دوازدە ساڵە.


❖ نەسرین کە هاتە دونیاوە 3900 گرام بوو.
❖ زانرۆژی نەسرین 31 نۆڤەمبەرە.
❖ نەسرین 1400 میللیمەتر درێژە.
❖ سەنگی نەسرین: 8500 hg.
❖ نەسرین 99 dl کۆلا لە یەک کاژێردا دەخواتەوە.
❖ نەسرین دەتوانێت 249 m بەرز باز بدات.
❖ نەسرین دەتوانێت 200 m بە 10,43 چرکە ببرێت.
❖ نەسرین پێیخۆشە 2 hg شیرینی بخوات نەک 100 gram.

| ڕەنگ | ژمارە |
|---|---|
| A | ...... |
| B | ...... |
| C | ...... |
| D | ...... |
| E | ...... |

**نەخشەی ڕەنگین**

ئەمە نەخشەی دەڤەر (ئوستان، پارێزگە)ی «سنە»یە. دەڤەری سنە بریتییە لە دە شارستان (قەزا) و لێرەدا سنووریان دیارە. بە کەمترین ژمارەی ڕەنگ شارستانەکان ڕەنگ بکە، بەڵام مەرجە دوو شارستانی هاوسنوور ڕەنگیان جودا بێت بۆ ئەوەی سنووریان بزر نەبێت.

- ❖ سەرەتا پیت لەسەر شارستانەکان بنووسە.
- ❖ کە تەواو بوویت ئەوجا ڕەنگ بۆ پیتەکان هەڵبژێرە و نەخشەکە ڕەنگرێژ بکە.




ئەم کارە هاسان بوو؟ دەیسا ئەمجارە هەمان کار دووبارە بکەوە بە مەرجێک ژمارەی شارستانەکان لە گشت ڕەنگەکاندا یەکسان بن.

**بیری لێ بکەوە!**

نێزیکەی چەندی خایاند هەتا ئەم لاپەڕەیەت تەواو کرد.

**ئاڵا**

| | |
|---|---|
| ئاڵای ژاپۆن بکێشە، لاکێشەیەکی سپییە و بازنەیەکی سووری لە نێوەندە | ئاڵای سوێد خاچێکی زەردە لەسەر تەختێکی شین. ئەم ئاڵایە دوو لاکێشە و دوو چوارگۆشەی شینی هەیە. |
| | |
| | |
| ئاڵای ئەڵمانیا سێ لاکێشەی هاوئەندازەی چینچینە: ڕەش، سوور و زەردی تێر. لاکێشەی ڕەش لەسەرەوە و لاکێشەی زەردی تێر لە خوارەوە. | ئاڵای فرانسە سێ لاکێشەی هاوئەندازەی تەنیشت یەکن: سێیەکی چەپ شینە و سێیەکی ڕاست سوورە. لاکێشی نێوەڕاست سپییە. |

ڕاهێنان: ئاڵایەک بۆ هەڤاڵەکەت ڕاڤە بکە و ئەویش نیگاری بکێشێت.

**بیری لێ بکەوە!**

ئەمانە هۆکارن بۆ فێربوونی ماتەماتیک. بە خواستی خۆت ڕیزبەندییان بکە. ژمارەی یەک بۆ هۆکاری هەرە گرینگە.

- من دەبێت ماتەماتیک بزانم بۆ ئەوەی کە گەورە بووم هەست بە ئاسوودەیی بکەم.
- من دەمەوێت دایکوبابم شاناز بن.
- ڕاهێنانی مێشک سوودی هەیە، چونکە مرۆڤ زیرەکتر دەبێت.
- من دەمەوێت کە گەورە بووم پارەی زۆرم چنگ بکەوێت، بۆیە دەبێت کارێکی باشم هەبێت.
- ماتەماتیک خۆشە.

**مووچەی هەفتانە**

بۆ مووچەی هەفتانەت دەبێت شێست خولەک لە ماڵەوە کار بکەیت. فەرموو هەڵبژێرە:

- دە دۆلار بەرانبەر دە خولەک ڕێکخستنی پێخەف.
- شەش دۆلار بەرانبەر پێنج خولەک قاپشۆردن.
- بیستوپێنج دۆلار بەرانبەر نیوکاژێر گەسکدان.
- پازدە دۆلار بەرانبەر یەک چارەگ خاوێنکردنەوەی توالێت و گەرماو.

بۆ پڕکردنەوەی یەک کاژێر چی هەڵ دەبژێریت؟ هەفتانەکەت گەیشتە چەند؟



**پرسیار دەربارەی ژاڵە**

**زانڕۆژی تۆ کەیە؟**

زانڕۆژی من درێژترین ڕۆژی ساڵە، ناوەندی هاوینە، یەکەم ڕۆژی پووشپەڕە (22 ی ژونی/حوزەیران).

**هەفتانەت چەندە؟**

هەفتانە 30 دۆلارم هەیە. ئەمیان تەنها بۆ وردەخەرجییە.

**چی بەو هەفتانەیە دەکڕیت؟**

بەشێکی بۆ شیرینییە و بەشێکیشی بۆ پاشەکەوت. ئێستە خەریکی پاشەکەوتم بۆ کڕینی ڕێکتێکی تێنس. هەتا ئێستا 140 دۆلارم پاشەکەوت کردووە. باوکم پەیمانی داوە نیوەی نرخی ڕێکتەکە بگرێتە ئەستۆ. ڕێکتێکی باش نێزیکەی 400 دۆلاری دەوێت.

**خولیاکانت چین؟**

خەریکی یاریی «تێنس» و «هاندبۆل»ـم. تیمی هاندبۆلەکەمان بریتییە لە 13 کیژ و بەشداریی کێبەرکێ دەکەین. کاتی یاری جگە لە گۆڵچی، شەش یاریزان لە گۆڕەپاندایە. گۆڵچی دیاریکراوە و هەمیشە لە پێش گۆڵدا دەوەستێت چونکە کەسی دیکە ناوێرێت بەرەنگاری ئەو شووتە تیژهاوێژانە بێتەوە. ئێمەی دوازدەکەی دیکە، بە یەکسانی بەشداری یاری دەبین. گێمێکی یاری سی خولەکە.

**وەڵام بدۆزەوە و نیشانەی بکە!**

- ❖ کەی زانڕۆژی ژاڵەیە؟
- ❖ هەفتانەی ژاڵە چەندە؟

**وەڵام و بیرکردنەوەی خۆت بنووسەوە!**

- به بۆچوونی تۆ ژاڵە کەی دەتوانێت ڕێکتی تێنس بکرێت؟
- لە کێبەرکێدا ژاڵە چەند خولەک یاریی بەردەکەوێت؟

**بیری لێ بکەوە!**

شرۆڤەی تێکست – کام لەم هونەرانە لای تۆ کارایە؟

- گشت تێکستەکە بە دەنگی بەرز دەخوێنمەوە.
- چەند جارێک تێکستەکە دەخوێنمەوە بێ ئەوەی خامە بگرمە دەست.
- سەرەتا هێڵ دەکێشم بە ژێر گشت پرسیارەکاندا.
- بازنەیەک بە دەوری وەڵامەکاندا دەکێشم.
- هەر جارە خەریکی یەک پرسیار دەبم.

وشەکان و ڕستەکان خاڵی هاوبەشیان هەیە. دەزانیت چییە؟

- کەرکووک
- ژین
- زەریا

- کارزان و کاژاو برای کازیوەن.
- کەژاڵ دەفژەن و سازژەنە.

| | |
|---|---|
| A | 1 |
| B | 2 |
| C | 3 |
| Ç | 4 |
| D | 5 |
| E | 6 |
| Ê | 7 |
| F | 8 |
| G | 9 |
| H | 10 |
| I | 11 |
| Î | 12 |
| J | 13 |
| K | 14 |
| L | 15 |
| M | 16 |
| N | 17 |
| O | 18 |
| P | 19 |
| Q | 20 |
| R | 21 |
| S | 22 |
| Ş | 23 |
| T | 24 |
| U | 25 |
| Û | 26 |
| V | 27 |
| W | 28 |
| X | 29 |
| Y | 30 |
| Z | 31 |

**شیفره**

وشه و ژمارەکەی بنووسه!

بۆ نموونه:

Azadî = 1+31+1+5+12 ➔ 50 xall.

❖ ناوی خۆت بنووسه و بزانه چەند خاڵ کۆ دەکاتەوە.

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

❖ ناوی فێرگەکەت چەند خاڵ کۆ دەکاتەوە؟

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

❖ ناوی شارەکەت/گوندەکەت چەند خاڵ کۆ دەکاتەوە؟

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

❖ ناوی نێزیکترین هەڤاڵت چەند خاڵ کۆ دەکاتەوە؟

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

❖ کام ناو له خێزانی ئێوەدا بەرزترین خاڵ کۆ دەکاتەوە؟

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

❖ کام ناو له پۆلی تۆدا نزمترین خاڵ کۆ دەکاتەوە؟

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -


وشەیەک بدۆزەوە پتر له دووسەد خاڵ کۆ بکاتەوە

.- - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -

**بیری لێ بکەوە!**

گرینگە ژمارە جوان بنووسرێت بۆ ئەوەی بە هاسانی بخوێندرێتەوە.

دە ژمارەی جوان بنووسە: - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -.




**پلەی گەرمی Temperature**

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **-10°** | **0°** | **100°** | **37°** | **40°** |

- ❖ لە پلەی - - - - - - ئاو دەیبەستێت.
- ❖ لە پلەی - - - - - - ئاو دیتە کولاّن.
- ❖ زستانان پلەی گەرمی دەگاتە - - - - - -.
- ❖ هاوینان پلەی گەرمی دەگاتە - - - - - -.
- ❖ پلەی گەرمیی لەشی مرۆڤ - - - - - - .

## لادووکان

وەنییە میوە [1] خۆشە؟

گریمان ئەوە نرخی میوەیە لە لادووکانی گەڕەک. تۆ بۆت هەیە پێنج جۆر میوە بکڕیت بە کۆی سی دۆلار. بە نووسین و نیگارکێشی هەڵبژاردنی خۆت ڕاڤە بکە.

تۆ بۆت هەیە هەفت جۆر میوە بکڕیت بە کۆی سەد دۆلار. بە نووسین و نیگارکێشی هەڵبژاردنی خۆت ڕاڤە بکە.

| میوە | دۆلار/کیلۆ |
|---|---|
| پرتەقاڵ | 10 |
| سێو | 5 |
| هەنار | 20 |
| هەرمێ | 25 |
| مۆز | 10 |
| شووتی | 10 |
| کاڵەک | 7 |
| هەڵووژە | 6 |
| قەیسی | 25 |
| ترێ | 20 |
| گێلاس | 15 |

### بیری لێ بکەوە!

- هەفتانە بایی چەند میوە دەخۆیت؟
- ساڵێک پەنجاودوو هەفتەیە. کۆی نرخی میوەخۆریت لە ماوەی یەک ساڵدا دەکاتە چەند؟
- کۆی نرخی میوەخۆریت لە ماوەی دە ساڵدا دەکاتە چەند؟

سی بابەت بنووسە کە پێت خۆشە ڕۆژانی پشوو خەریکیان بیت. ژمارە یەک بۆ بژارەی یەکەمە.


1) - - - - - - - - - - - - - -.

2) - - - - - - - - - - - - - -.

3) - - - - - - - - - - - - - -.

[1]- لەم تەرجەمەیەدا «میوە» جێی «شیرینی» گرتەوە.

**نیگار!**



**بیدۆزەوە!**

❖ ڕیزی بان: **کێ؟**، لاتەریب، هەور، سێگۆشە، **کێ؟**، چوارگۆشە
❖ ڕیزی دامێن: **کێ؟**، ڕووخسار، **کێ؟**، مانگ، دڵ، لوولەک

ئەوە کێیە؟

❖ لە ڕیزی دامێنە. هاوسێیەکی پێنجگۆشەیە و سەربانیشی لاتەریبە.
❖ سەرپەڕە. لە ڕیزەکەی خۆیدا میلدارە.
❖ لە ڕیزی دامێنە و ئەولای دڵی گرتووە.
❖ ئەملای لاتەریبە و ئەولای سێگۆشەیە.
❖ نێوان مانگ و لوولەکی گرتووە.
❖ شەش دیوی یەکسانی هەیە.


مەتەڵی دیکەی لەم بابەتە دەربارەی پۆلەکەی خۆت داڕێژە.

**بیری لێ بکەوە!** بۆ وەڵامدانەوەی خشتەکەی سەرەوە چیت کرد؟

❖ ژمێرکم بەکار هێنا
❖ پرسیارم لە کەسێکی گەورەساڵ کرد
❖ پرسم بە هەڤاڵێک کرد
❖ هێڵم لەسەر نیگارەکان ڕاکێشا

❖ تێکستەکەم چەند جارێک خوێندەوە
❖ خاڵە گرینگەکانی نێو تێکستەکەم دیاری کرد
❖ پێشنیازی دیکە...

## چیرۆکی ژمێرکار



بە نیگارکێشی و بە نووسین وەڵامەکەت ڕاڤە بکە.

❖ دوو جاوتەنە (جاڵجاڵۆکە) کەوشی هەڵگژان دەکڕن. سەرلەبەر پێویستیان بە چەند جووت کەوش هەیە؟

- - - - - - - - - - - - - -.

❖ چوار جاوتەنە کەوشی ڕاکردن دەکڕن. سەرلەبەر پێویستیان بە چەند جووت کەوش هەیە؟

- - - - - - - - - - - - - -.

❖ خاتوو جاوتەنە و دایەمێروو دەچنە لای کەوشفرۆش و کەوش بۆ بێچووەکانیان دەکڕن. هەر یەکەیان دوو بێچووی هەیە. سەرلەبەر چەند جووت کەوش دەکڕن.

- - - - - - - - - - - - - -.

جاوتەنە هەشت پێی هەیە
دایەمێروو شەشانی بەسە
مانگا بە چواران بۆ لەوەڕ دەچێت
ئازادەبچکۆل هەر بە دوو پێیان
زۆر تیژڕەوە

ئەوجا خۆت چیرۆکێکی نوێی ژمێرکارانە دارێژە.

### بیری لێ بکەوە!

ئایا مرۆڤ پێویستی بە دراڤ (پارە)ی کاخەز و کانزا هەیە؟ ئەدی دراڤکارت (کارتی بانکی، کارتی پارەدان) بەس نییە؟

بەنیازیت چوار دیاری ببەخشیت کۆی نرخیان دەکاتە هەزار دۆلار.


چی دەکڕیت؟

- - - - - - - - - - - -

نرخی هەر یەکەیان چەندە؟

- - - - - - - - - - - -

**ژمارەی نهێنی**




**بیری لێ بکەوە!** [2]

بەنیازیت پەتێکی پێنج مەتری بکەیتە دە پارچەی یەکسان.

- چەند جار مەقەست لە پەتەکە دەدەیت؟
- درێژیی هەر پارچەیەک چەندە؟

2- ئەم بەشە بۆ گونجاندن تەک ڕێنووسی ژمارە بە کوردی، دەستکاری کراوە.

**ڕێنووسی ژماره به پیت**

| | | |
|---|---|---|
| ژمارەی یەکان 0-9 | یەک وشە | سفر، یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، هەفت، هەشت، نۆ |
| دەیان لە دەوە هەتا نۆزدە 10-19 | یەک وشە | دە، یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پازدە، شازدە، هەڤدە، هەژدە، نۆزدە |
| تامدەیان[3] (دەیانی تەواو، دەیانە و یەکانی سفرە) 10, 20, ...90 | یەک وشە | دە، بیست، سی، چل، پەنجا، شێست، هەفتا، هەشتا، نەوەد |
| دەیان (یەکانی سفر نییە) 21, 35, 99 | دەیان و یەکان بەسەریەکەوە دەنووسرێن و دەبنە یەک وشە | بیستویەک، سیوپێنج، نەوەدونۆ |
| تامسەدان[4] (سەدانی تەواو، دەیان و یەکانی سفرە) 100, 200, 300...900 | وشەی یەکان (دوو-نۆ) دەچنە پاڵ وشەی «سەد» و یەک وشە پێک دەهێنن. وشەی «یەک» لێرەدا نایەتە نووسین. | سەد، دووسەد، سێسەد، چوارسەد... نۆسەد. |
| سەدان 101, 381, 711 | تامسەدان بە جودا + «و» + دەیان. | سێسەد و هەشتاویەک، هەفتسەد و یازدە. |
| تامهەزاران[5] (هەزارانی تەواو، سەدان، دەیان و یەکانی سفرە) 1000, 2000 | وشەی «هەزار» جودا دەکرێتەوە. | یەک هەزار، دوو هەزار، سێ هەزار... نۆ هەزار. |
| هەزاران 5381, 9220 | تامهەزاران بە جودا + «و» + سەدان... | پێنج هەزار و سێسەد و هەشتاویەک، نۆ هەزار و دووسەد و بیست. |
| سەدان هەزار 100 000, 428 568 | وشەکانی «سەد» و «هەزار» جودا دەکرێنەوە | سەد هەزار، چوارسەد و بیستونۆ هەزار و پێنجسەد و شێستوهەشت |
| میلیۆنان 3 945 007 | وشەی «میلیۆن» بە جودا دەنووسرێت | سێ میلیۆن و نۆسەد و چلوپێنج هەزار و هەفت |

---

[3]– تامدەیان: تامژماری دەیان، واتە ژمارەی دەیانی تەواو، وەک ... ,10, 20, 30.

[4]– تامسەدان: تامژماری سەدان، ژمارەی تەواوی سەدان، وەک ...100, 200, 300

[5]– تامهەزاران: تامژماری هەزاران، ژمارەی تەواوی هەزاران، وەک ...1000, 2000, 3000

**ئەم ژمارانە بە پیت بنووسە:**

| | |
|---|---|
| | 60 |
| | 92 |
| | 159 |
| | 300 |
| | 7000 |
| | 8715 |
| | 68 302 |
| | 100 000 |
| | 987 654 |
| | 7 856 341 |
| یەک ملیۆن و ..... و ...... هەزار و ...... و شێستوهەفت | 1 234 567 |
| نەوەدوسێ ملیۆن و هەشتسەد و بیستوهەفت هەزار و سەد و چوار | 93 827 104 |

**ژمارەی ڕۆمانی**

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 |
| I | II | III | IV | V | VI | VII | VIII | IX | X | XI |

وەڵامی ئەم ژمێرکارییانە بنووسە:


| | |
|---|---|
| II + III = ---------------- | IV + V = ---------------- |
| V + VI = ---------------- | III + III = ---------------- |
| IV + IV = ---------------- | IX + XV = ---------------- |

**دیاگرامی پەنهان**

ناوی دروست بەرانبەر پیتەکانی نێو دیاگرامەکە ڕیز بکە.


سێ وەرزشوان خەریکی ڕاکردنی پێنج کیلۆمەترن.

سامان دواکەس گەیشت. هەوری براوە بوو. سۆسەن پێش دواکەس هات.





چوار فێرخواز خەریکی کێبەرکێی ڕێدۆزین.[6]

ڕۆنیا درێژترین مەودای بڕی. پێشڕەو کورترین مەودای بڕی. ژەنیار بە کورترین کات گەیشتە ئەنجام. ڕێبین درێژترین کاتی خایاند.




سێ فێرخواز پەلەیان بوو بۆ فێرگە.

ئازاد ڕێی لە هەموان دوورتر بوو، بە گەڕۆک چوو. بانە لە هەموان نێزیکتر بوو، بە پێ چوو. نازە بە دووچەرخە.





---

[6]- ڕێدۆزی: Orienteering سەرەدەری لە ڕێگە، ڕەودەرکردن، دۆزینەوەی ڕێگە. ڕێدۆزی وەرزشێکە مەبەست لێی دۆزینەوەی شوێن و خاڵی دیاریکراوە بە کورترین کات. ڕێدۆزی بە یارمەتیی نەخشە و کۆمپاس (قیبلەنما) دەکرێت.

**بیری لێ بکەوە!**

خەریکبوون بەم لاپەڕەیەوە چۆن بوو بەلاتەوە؟ نیشانەیەک بدە لەم دیاگرامە.







دەرووست دێیت؟

- ❖ دەتوانیت لەسەر یەک پێ بوەستیت و لە 30 ـیەوە پشتەوژمێر کەیت؟
- ❖ دەتوانیت لەسەر یەک پێ بوەستیت، چاوت داخەیت و ئەوجا بە ئینگلیزی هەتا دە بژمێریت؟

**ڕوانگەی جۆراوجۆر**


دیمەنی کەلوپەل لە لایەنی جیاوازەوە چۆنە؟ خۆت خانە بۆشەکان بە نیگارکێشی پڕ بکەوە.

| | لە پێشەوە | لە لاوە | لە بانەوە |
|---|---|---|---|
| لانەخانە |  |  |  |
| کورسی | | | |
| تیڤی | | | |
| پێشنیازی خۆت... | | | |

**بیری لێ بکەوە!**

لە کام پیشەدا مرۆڤ پێویستی بە ئاستێکی باشی ماتەماتیکزانی هەیە؟

- ❖ یاریزانی فوتبۆڵ
- ❖ پارێزەر
- ❖ سەرتاش
- ❖ فرۆشیار
- ❖ دوکتۆری ددان
- ❖ دارتاش
- ❖ پاسەوانی مەلەوانگە



**ڕێکگۆشە**

- ❖ چەند ڕێکگۆشە لەم 8 ـەدا هەیە؟
- ❖ چەند ڕێکگۆشە لەم 6 ـەدا هەیە؟

## لیستی ژمارەی تەلەفۆن

| | |
|---|---|
| Rewend | 12 34 56 |
| Şewnim | 12 33 55 |
| Perî | 12 54 85 |
| Jîno | 14 68 77 |
| Hêmin | 24 68 80 |
| Hana | 17 00 89 |
| Azad | 13 57 91 |
| Erdelan | 14 12 58 |
| Rêbaz | 18 99 77 |
| Şewbo | 24 86 79 |
| Nazdar | 12 39 87 |

- کێ گشت ڕەنووسەکانی جووتن؟
- کێ گشت ڕەنووسەکانی تاکن؟
- بەرزترین کۆڕەنووس[7] لە ژمارەی کێدایە؟
- کێ گەورەترین ژمارەی هەیە؟
- کێ بچووکترین ژمارەی هەیە؟
- کام دوو ژمارەیە زیادتر وێکچوون؟
- کام ژمارەیە ئەزبەرکردنی هاسانترە لە هەموان؟
- کام ژمارەیە لێدانی بە تەلەفۆنی دوگمەدار هاسانترە؟

**بیری لێ بکەوە!**

کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە تۆ دەگرێتەوە؟

- مێشکم باشتری دێتەوە بیر گەر ماوەماوە دووپاتی بکەمەوە.
- مێشکم باشتر دەچەرخێت گەر تێرخەو بم.
- مێشکم باشتری دێتەوە بیر گەر تەنساز بم.
- توانای فێربوونم باشتر دەبێت گەر خۆم ڕابهێنم لەسەر بیرکردنەوە.

ئەمە لیستی خەریکبوونی ئێوارەیە.
ئێوارەیەکی خۆش لای تۆ بە چی پڕ دەبێتەوە؟

| | |
|---|---|
| 18.00 - 18.45 | |
| 18.45 - 19.30 | |
| 19.30 - 20.00 | |
| 20.00 - 21.30 | |
| 21.30 - 22.00 | |

[7] – کۆڕەنووس: کۆی ئەو ڕەنووسانەی لە ژمارەکەدا هەن، بۆ نموونە: شەش کۆڕەنووسی «سەد و بیستوسێ» یە: 6 = 3 + 2 + 1 ➔ 123

**بەستەنی**

وەڵامی ئەم پرسیارانە بە نیگارکێشی و ڕەنگڕێژی ڕاڤە بکە.

بە سێ تامی جیاواز و دوو گۆ لە هەر پەرداخێکدا، چەند جۆر بەستەنی ساز دەکەیت؟

سێ تام

شیلێک (تووفەڕەنگی) - پەمبە

پرتەقاڵ - پرتەقاڵی

مێوژ - ڕەش

چوار تامی جیاوازت هەیە. ئایا دەتوانیت دوازدە پەرداخ بەستەنیی جیاواز ساز بکەیت هەر پەرداخێک سێ گۆی تێدا بێت؟

چوار تام

لیمۆ - زەرد

هەنار - سوور

نارنج - پرتەقاڵی

هەرمێ - کەسک

**بیری لێ بکەوە!**

مرۆڤ گەر کارەکە بە کردەوە جێبەجێ بکات، باشتر دێتەوە یادی. بەڵام گەر نەکرا ووها باشە هەم کێشەکە و هەم چارەسەر نیگارکێش بکرێن.

**ڕێژە سەدی**

کامیان بە لاتەوە زیادتر سەرنجڕاکێشە؟

- 67% ی لەش ئاوە.
- هەفتانەکەت 50% هەڵکشێت.
- کتێبفرۆشیی گەڕەک 25% داشکان دەکات.
- ئاو 71% ی ڕووی زەوی پۆشیوە.

## ژماردنی هزرزا[8]

وەرە خەریکی ڕاهێنانی «ژماردنی هزرا» بین! ئەمە چوار ستوون هەر یەکەیان بۆ ژمێرکارییەک[9] (کۆکاری، کەمکاری، جاراندن، دابەشین) تەرخانە. ستوونێک بگرە و ئەنجامی دێڕەکان کۆ بکەوە و ئەوجا بەراوردی بکە بە کۆی دروست.

- ❖ کۆکاری: سەربەست دوو سێوی هەیە و نازە سێ سێوی هەیە. بە هەردووکیان چەند سێویان هەیە؟
- ❖ کەمکاری: سەربەست چوار هەرمێی هەیە. دوو هەرمێ دەدات بە نازە. چەندی ماوە؟
- ❖ جاراندن: نازە سێ ڕۆژ لەسەر یەک، ڕۆژانە دوو بەستەنی دەخوات. گشتی دەکاتە چەند بەستەنی؟
- ❖ دابەشین: نازە هەشت کولیچەی هەیە و دەیانکاتە چوار بەشی یەکسان. هەر بەشەی چەندی بەردەکەوێت؟

| کۆکاری | کەمکاری | جاراندن | دابەشین | |
|---|---|---|---|---|
| 2 + 3 = | 4 – 2 = | 2 x 3 = | 8/4 = | |
| 3 + 3 = | 5 – 3 = | 4 x 5 = | 9/3 = | |
| 5 + 5 = | 7 – 2 = | 5 x 5 = | 25/5 = | |
| 6 + 6 = | 6 – 5 = | 3 x 6 = | 16/8 = | |
| 9 + 6 = | 8 – 3= | 6 x 6 = | 30/5 = | |
| 9 + 9 = | 4 – 3 = | 4 x 9 = | 64/8 = | |
| 8 + 7 = | 9 – 6 = | 5 x 7 = | 42/7 = | |
| 4 + 9 = | 8 – 4 = | 6 x 7 = | 72/9 = | |
| 7 + 6 = | 12 – 7 = | 3 x 8 = | 27/3 = | |
| 17 + 8 = | 11 – 4 = | 9 x 9 = | 54/9 = | |
| 12 + 9 = | 13 – 5 = | 8 x 7 = | 45/5 = | |
| 14 + 7 = | 15 – 8 = | 9 x 7 = | 36/9 = | |
| | | | | کۆی ستوون لای تۆ |
| **174** | **50** | **442** | **68** | کۆی دروست |
| | | | | چەندی دروستە |

[8]– ژماردنی هزرزا: Mental calculation، عەرەبی: «حساب ذهني»، فارسی: «محاسبه ذهنی» – ژماردن تەنها بە مێشکی مرۆڤ، بێ پەنابردن بۆ ئامرازی یاریدەر.


[9]– ژمێرکاری: کرداری ژماردن Mathematical Operation، ناوێکی گشتییە بۆ چوار ژمێرکاریی بنەما: کۆکاری، کەمکاری، جاراندن، دابەشین و ژمێرکارییەکانی دیکەی وەک: توان، ڕەگ و لۆگاریتم.

**پرسیار**

- ❖ دەتوانیت هزرزا بژمێریت و لەسەر یەک پێ ڕاوەستیت؟
- ❖ دەتوانیت هزرزا بژمێریت و چاوت داخەیت؟

**بیری لێ بکەوە!**


- ❖ کام ژمارە گشت ڕەنووسەکانی تاکن و لە بان لاکێشەوەیە؟ - - - - - - - -.
- ❖ کام جووتژمار لە نێوان سێگۆشە و بازنەکەدایە؟ - - - - - - - -.



**پەرژینی مێگەل، پێوەر 1:100**

بیست مەتر پەرژینی مێگەل هەیە. سێ مێرگ دیاری بکە، لاکێشە بن یان چوارگۆشە. لە هەر مێرگێکدا جێی دوو مەڕ ببێتەوە.

هەم درێژی کەنارەکانی مێرگەکان بنووسە و هەم ژمارەی خانەکان (مەتری دووجا)ی نێو هەر مێرگێک.



- ❖ کام مێرگە لە هەموان گەورەترە؟
- ❖ چەند خانە (مەتری دووجا)ی گرتووە؟
- ❖ کام مێرگە لە هەموان بچووکترە؟
- ❖ چەند خانە (مەتری دووجا)ی گرتووە؟

**پرسیار:**

گەر یەک مێرگ بە پەرژینێکی چل مەتری سنووربەست بکەیت، ڕووبەری ئەو مێرگە چەند دەبێت؟

**بیری لێ بکەوە!**

زۆر باشە مرۆڤ خۆی شت بزانێت، بەڵام هیچ خراپ نییە شت لە کەسانی دیکەش فێربێت.

خاڵی هەرە گرینگ ئەوەیە مرۆڤ تێبگات.

ئەو کەسەی بابەتێک بۆ تۆ ڕاڤە دەکات، خۆیشی لەو ڕاڤەکردنەی خۆی فێر دەبێت.

وێکڕا زۆر دەزانین.

| |
|---|
| 5 137 |
| 5 895 |
| 8 848 |
| 7 milliard (7 000 000 000) |

**تێکست و ژمارە**

ئەم تێکستە دەربارەی گۆی زەوییە. بۆشاییەکان بە ژمارەی دروست پڕ بکەوە.

- ❖ چیای ئاگری – – – – – – – – – – – مەتر لە ڕووی زەریاوە بەرزە.
- ❖ ژمارەی دانیشتوانی گۆی زەوی – – – – – – – – – – مرۆڤ.
- ❖ چیای ماونت ئەڤەرێست Mount Everest – – – – – – – – – – – – مەتر لە ڕووی زەریاوە بەرزە.
- ❖ چیای کلیمانژارۆ Kilimanjaro – – – – – – – – – – – – مەتر لە ڕووی زەریاوە بەرزە.

**پرچ**

- ❖ کەسانی پرچقاوەیی نێزیکە 120 000 تاڵەموو بەسەریانەوە هەیە.
- ❖ کەسانی پرچزەرد نێزیکە 140 000 تاڵەموو بەسەریانەوە هەیە.
- ❖ کەسانی پرچسوور نێزیکە 88 000 تاڵەموو بەسەریانەوە هەیە.
- ❖ کەسانی پرچڕەش نێزیکە 102 000 تاڵەموو بەسەریانەوە هەیە.

وێنەیەکی سەروپرچی خۆت بکێشە. هەر بە مەزەندە، دەبێت چەند تاڵەموو بەسەری تۆوە هەبێت؟

**پرسیار**

وەڵامی ئەم پرسیارە بە نیگارکێشی و بە نووسین ڕاڤە بکە.


تۆ بەلەمێکت هەیە و دەبێت یەک ڕێوی، یەک بزن و یەک کەروێشک لە ڕووبار بپەڕێنیتەوە. هەر جارە بۆت هەیە دوو گیانەوەر بخەیتە بەلەمەکەوە. چی دەکەیت؟

**بیری لێ بکەوە!**

وێنەی دراوەکانی وەڵاتەکەت بکێشە.

**ئاوێنە**

ڕووی ئەم نیگارانە وەرگێڕە وەک ئەوەی لە ئاوێنەدا بن.



ناوی خۆت بە ئاوەژوو بنووسە و ئەوجا لە ئاوێنەدا سەیری بکە بزانە دەخوێندرێتەوە.

**بیری لێ بکەوە!**

- ❖ کام پرسیار بە لای تۆ کارکردنی لە هەموان خۆشتر بوو؟
- ❖ کەی دواجار شتێکی نوێ فێربوویت لە هەڤاڵێکتەوە کە باسی لە ئەزموونی خۆی کردبێت؟

**ژمێرک**

ئەم پرسیارانە بە ژمێرک چارەسەر بکە:

| | |
|---|---|
| 9 x 9 = | 9 + 9 = |
| 24 X 3 = | 24 + 3 = |
| 47 x 2 = | 47 + 2 = |
| 497 x 2 = | 497 + 2 = |

هیچ نەخشێکی تێدا دەبینیت؟

## نەخشەی ئەورووپا

ئەمە نەخشەی ئەورووپایە. بە کەمترین ژمارەی ڕەنگ وەڵاتەکان ڕەنگڕێژ بکە. وەڵاتی هاوسنوور نابێت هاوڕەنگ بن چونکە سنووریان ڕوون نابێت. سەرەتا پیت بۆ ڕەنگەکان هەڵبژێرە بۆ ئەوەی دەرفەتت هەبێت بە هاسانی بیانگۆڕیت. کە بڕیارت دا ئەوجا نەخشەکە ڕەنگڕێژ بکە.

| ڕەنگ | ژمارە |
|---|---|
| A | ...... |
| B | ...... |
| C | ...... |
| D | ...... |
| E | ...... |



ئەم کارەت لا هاسان بوو؟ دەیسا ئەمجارە هەمان کار دووبارە بکەوە بە مەرجێک ژمارەی وەڵاتەکان لە گشت ڕەنگەکاندا یەکسان بن.

**بیری لێ بکەوە!**

بە دیدی تۆ، «ڤایکینگ»ـەکان زمانی ماتەماتیکیان بۆ چی بەکار هێناوە؟

- ❖ بۆ ژماردنی دراڤ.
- ❖ بۆ ئەندازەکاری بۆ دروست کردنی کەشتی و خانوو.
- ❖ بۆ دابینکردنی پێویستیی خۆراک.
- ❖ بۆ زانینی مەودای نێوان خاڵەکانی ئەورووپا.
- ❖ بۆ کێشانی زێڕ و زیو.
- ❖ بۆ ئاشپەزی.

**چوارگۆشەی جادووبەند**

بە چەند جۆری جیاواز دەتوانیت پازدە کۆ بکەیتەوە؟

بیر لە هێڵی ئاسۆبار (ئاسۆیی)، ستوونبار (ستوونی) و کۆتەرە بکەوە.

(کۆتەرە: Diagonal تیرەی نێوان دوو گۆشەی ناهاوسێ لە نیگارێکی فرەگۆشەدا.)

| | | |
|---|---|---|
| 6 | 1 | 8 |
| 7 | 5 | 3 |
| 2 | 9 | 4 |

**پرسیار دەربارەی بارام**

**خولیاکانی تۆ چین؟**

دایکم پێم دەڵێت تۆ شەیدای وەرزشیت. خەریکی «هۆکی» Hockey و فوتبۆڵم. بەشداری هەم ڕاهێنان و هەم کێبەرکێ دەبم. وەرزشخانەکەمان پێنج کیلۆمەتر لە ماڵمان دوورە. من پێم خۆشە بەشداری چەند جۆرێک وەرزش بم بەڵام دایکوبابم ڕێ نادەن. دەڵێن گران دەکەوێت لەسەرمان.

**مانگانەکەت چەندە؟**

مانگانەکەم 150 دۆلارە و دەبێت بەشی هەموو خەرجییەکم بکات! ئێ نایکات! سەرەتای مانگ زۆر خەرج دەکەم و لە کۆتای مانگدا نابوود دەبم. جار هەیە گەر پێویست بێت کەمێکی دیکەش وەردەگرم.

**لە تێکستەکەدا وەڵامی ئەم پرسیارانە نیشانە بکە**

- ❖ بارام خەریکی کام جۆر وەرزشە؟
- ❖ مانگانەی بارام چەندە؟

بە بۆچوونی تۆ، بارام ماوەی چەند لە دەرەوەی ماڵ دەبێت گەر ڕاهێنانی فوتبۆڵێنی هەبێت؟

چۆنت بیر لێ کردەوە؟

تیپەکەم بەشداری کێبەرکێیەکی فوتبۆڵ بوو. دایکوباب منداڵەکانیان بە گەڕۆک بردە وەرزشگە. کاژێر هەفت دەرچوون و نۆ گەیشتن. هەشت تیپ بەشدار بوون، کرانە دوو دەستە و هەموان بەرانبەر یەک یارییان کرد. ئێمە هەم گەمەی دەستەمان بردەوە و هەم گەمەی بەرکۆتا (سیمیفینال) و کۆتا (فینال). وای چ هەرایەک بوو.

- ❖ تیپەکەی بارام لەو کێبەرکێیەدا چەند یارییان کرد؟

**بیری لێ بکەوە!**

مرۆڤ گەر تێرخەو و تێرپشوو بێت باشتر بیر دەکاتەوە و کار دەکات.

ئەمشەو چەند کاژێر خەوتوویت؟

### وەرزشی ڕەنگاڵە[10] Athletics

تەک زۆزان و سەهەند بکەوە کێبەرکێی چوارەکی (چوار یاری). خاڵەکان لە خشتەی دامێندا، لە گوێرە ئەم مۆدێلە، تۆمار بکە:

| **مۆدێل** | یەک خاڵ | دوو خاڵ | سێ خاڵ | چوار خاڵ | پێنج خاڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕاکردنی شێست مەتر | 14 s | 13 s | 12 s | 11 s | 10 s |
| بەرزەباز | 80 cm | 90 cm | 100 cm | 110 cm | 120 cm |
| بەرینەباز | 2.00 m | 2.50 m | 3.00 m | 3.25 m | 3.75 m |
| گۆهاوێشتن | 3.00 m | 4.00 m | 5.00 m | 6.00 m | 7.00 m |

| **ئەنجام** | زۆزان | | سەهەند | | خۆت | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئەنجام | خاڵ | ئەنجام | خاڵ | ئەنجام | خاڵ |
| ڕاکردنی شێست مەتر | 12.3 s | | 11.6 s | | | |
| بەرزەباز | 112 cm | | 110 cm | | | |
| بەرینەباز | 3.05 m | | 2.89 m | | | |
| گۆهاوێشتن | 4.78 m | | 5.78 m | | | |

دووهێند!

هەفتانەکەت بگۆڕە. داوا لە دایکوبابت بکە هەفتانەکەت بکەن بە یەک دۆلار و پاشان هەر هەفتەیەک دووهێندی بکەن. بە ژمێرک = 2 x 1 داخون input بکە (بنووسە) و پاشان تەنها = بۆ هەر هەفتەیەک داخون بکە. بە چەند هەفتە دەبیتە میلیۆنێر؟

**بیری لێ بکە!**

بەبێ ڕاستە، لاکێشەیەک بکێشە 65 cm درێژ و 24 cm پان.

وەنییە ڕاستە داهێنانێکی باشە؟



---

[10]– وەرزشی ڕەنگاڵە Athletics، ناوێکی گشتییە بۆ وەرزشی ڕاکردن، بازدان، هاوێشتن و پیادەڕۆیی.

### کێ سەرکارە؟

ئەم کارمەندانە بە پێی باڵا ڕیز بکە. نیگاری مرۆڤەکان بکێشە و ناوەکان بنووسە و بژارەی جۆراوجۆر ئەنجامدۆز بکە.

❖ باڵای کارزان لە سەیوان بەرزترە.
❖ سەفین لە سەیوان کورتترە.
❖ ساوێن لە گشت خانمەکان باڵاترە.
❖ دەریا لە هەموان کورتترە.
❖ کارزان لە ڕێبوار کورتترە، بەڵام لە گشت ئەوانەی دیکە باڵاترە.
❖ باران لە نێوەنددایە.
❖ ساوێن دەکەوێتە نێوان کارزان و بارانەوە.

سەرکاری ئەم کارمەندانە چوارەمین باڵابەرزە. کامیان سەرکارە؟

### گێڕی دووچەرخە (بایسیکل)



بزانە زنجیری دووچەرخە بە چەند جۆر لە نێوان «خولۆکە»کاندا دەبەسترێت.

❖ دووچەرخەی خاوەن یەک پێشخولۆکە و سێ پاشخولۆکە. ئەم دووچەرخە چەند گێڕی هەیە؟
❖ دووچەرخەی شەش گێڕ چەند پێشخولۆکە و پاشخولۆکەی هەیە؟



### بیری لێ بکەوە!

❖ چەند کیلۆمەتر لە یەک کاژێردا ڕا دەکەیت؟
❖ کەواتە خێرایی ڕاکردنت چەندە؟ - - - - - کم/کاژێر
❖ چەند کیلۆمەتر لە کاژێردا دەبڕیت بە دووچەرخە؟
❖ کەواتە خێرایی دووچەرخاندنت (دووچەرخەسوارییت) چەندە؟ - - - - - کم/کاژێر

### خاڵی وەرزش

وەرزش و ڕاهێنان گرینگە بۆ مرۆڤ. بابزانین هێلین و ژۆزێف چەند خەریکی وەرزشن. ئەمە مۆدێلی ژماردنی خاڵ:

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕاکردن 1 km | 1 xall | مەلەکردن 100 m | 1 xall |
| پیادەڕۆیی 2 km | 1 xall | دووچەرخەسواری 4 km | 1 xall |
| فوتبۆڵ 10 xulek | 1 xall | تێنس 10 xulek | 1 xall |
| گەمەی دەرەوە 30 xulek | 1 xall | وەرزشی فێرگە | 2 xall |

| ناو | هێلین | ژۆزێف |
|---|---|---|
| شەممە | پیادەڕۆیی دریێژ تەک دایکم 8 km. | گەمەی دەرەوە یەک کاژێر. |
| یەکشەممە | پشوو! | فوتبۆڵ سی خولەک. |
| دووشەممە | دووچەرخەسواری دووسەرە بۆ فێرگە (2 km + 2 km). ڕاهێنانی تێنس یەک کاژێر. | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە (1 km + 1 km). |
| سێشەممە | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. وەرزشی فێرگە. | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. وەرزشی فێرگە. |
| چوارشەممە | دووچەرخەسواری دووسەرە بۆ فێرگە. فوتبۆڵ سی خولەک. | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. گەمەی دەرەوە یەک کاژێر. |
| پێنجشەممە | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. ڕاکردن 3 km. |
| هەینی | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. مەلە لە فێرگە سی خولەک. | پیادەڕۆیی دووسەرە بۆ فێرگە. مەلە لە فێرگە سی خولەک. |
| کۆی خاڵ | _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ | _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ |

| بەرنامەی هەفتەی پێشووی خۆت | |
|---|---|
| شەممە | |
| یەکشەممە | |
| دووشەممە | |
| سێشەممە | |
| چوارشەممە | |
| پێنجشەممە | |
| هەینی | |
| کۆی خاڵ | - - - - - - - - - |

هەفتەیەکی دیکەش بەردەوام بە و هەوڵ بدە ڕیکۆرد (ژمارەی پێوانەیی) بشکێنیت.

**بیری لێ بکەوە!**



- ❖ مێروو لە چ بارێکدا پەنا دەباتە بەر ماتەماتیک؟
- ❖ جاوتەنە لە چ بارێکدا پەنا دەباتە بەر ماتەماتیک؟





**خانۆچکە، پێوەر 1:100**

نەخشی خانۆچکەیەک (خانوویەکی بچووک) بکێشە. دیوارەکانی دەرەوە دە مەتر بە شەش مەترن. ئەم خانۆچکەیە جگە لە توالێت و گەرماو، دەبێت دوو ژووری خەوتن، ئاشخانە و یەک هۆڵی هەبێت. پێوەری ئەم نەخشەیە 1:100 واتە یەک سانتیمەتر لەسەر نەخشە بەرانبەر سەد سانتیمەترە لەسەر زەوی، کە دەکاتەوە یەک مەتر.

| هێما بۆ نەخشەکێشان | |
|---|---|
| دەرگە |  |
| پەنجەرە |  |
| دیوار | |
| توالێت |  |
| دووشی گەرماو |  |

پاشان مۆبیلیا لە ژوورەکان دامەزرێنە.

**گریمان یەک خشت پەنجا گرامە**

- ❖ سەد گرام خشت چەند دانەیە؟
- ❖ یەک کیلۆ خشت چەند دانەیە؟
- ❖ دە کیلۆ خشت چەند دانەیە؟
- ❖ سەد کیلۆ خشت چەند دانەیە؟
- ❖ یەک تۆن (هەزار کیلۆ) خشت چەند دانەیە؟

**بیری لێ بکەوە!**

دێسیمال لە کام وەرزشدا دێتە بەکارهێنان؟

| | |
|---|---|
| گۆلف | بەرزەباز |
| گۆهاویشتن | فوتبۆڵ |
| هۆکی | سەمای سەر سەهۆڵ |
| پەپوولەمەلە | ڕاکردن |
| باندی | سلالۆم |

**بیر**



A B C

https://pixabay.com

سێ لوولپێچ کەوتوونەتە بیرێکی چۆڵ و لینجەوە. کامیان زووتر هەڵدەگژێتەوە سەرەوە؟

- لوولپێچی A: ڕۆژانە یەک سانتیمەتر هەڵدەگژێت.
- لوولپێچی B: بە ڕۆژ دوو سانتیمەتر هەڵدەگژێت و بە شەو یەک سانتیمەتر دادەگژێت.
- لوولپێچی C: بە ڕۆژ سێ سانتیمەتر هەڵدەگژێت و بە شەو دوو سانتیمەتر دادەگژێت.

هەر سێکیان هاوکات دەکەونە هەڵگژان. لوولپێچی براوە: - - - - - - -.

پرسیار: کامانە پیت دەتوانیت بنووسیت بێ ئەوەی دەست هەڵگریت؟

**بیری لێ بکەوە!**

- ئەلفوبێی کوردی بە پیتی ئارامی چەند پیتە؟
- ئەلفوبێی کوردی بە پیتی لاتینی چەند پیتە؟

| | |
|---|---|
| A | N |
| B | O |
| C | P |
| Ç | Q |
| D | R |
| E | S |
| Ê | Ş |
| F | T |
| G | U |
| H | Û |
| I | V |
| Î | W |
| J | X |
| K | Y |
| L | Z |
| M | |

| | | |
|---|---|---|
| ل | ز | ئ |
| ڵ | ژ | ا |
| م | س | ب |
| ن | ش | پ |
| ه | ع | ت |
| و | غ | ج |
| وو | ف | چ |
| ۆ | ڤ | ح |
| ی | ق | خ |
| ێ | ق | د |
| | ک | ر |
| | گ | ڕ |

**هێڵی ساڵ**

بەستەرێک لە نێوان تێکست و مانگەکانی سەر هێڵی ساڵ.

| کۆتای فێرگە | | دەستپێکی فێرگە |
|---|---|---|
| شەوی یەڵدا | Xakelêw خاکەلێو | نەورۆز |
| ڕماندنی دیواری بەرلین | Gulan گوڵان | گەڵا زەرد دەبن |
| گوێز پێدەگات | Cozerdan جۆزەردان | درێژترین ڕۆژی ساڵ |
| یادی ئەنفال | Pûşper پووشپەڕ | هەنار پێدەگات |
| یەکەم مرۆڤ گەشتی گەردوونی کرد | Gelawêj گەلاوێژ | ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان 1946 |
| کیمیابارانی هەڵەبجە | Xermanan خەرمانان | یەکەم مرۆڤ لەسەر مانگ نیشتەوە |
| ڕۆژی ڕاپەڕین 1991 | Rezber ڕەزبەر | |
| | Gelarêrzan (خەزەڵوەر) گەڵاڕێزان | |
| | Sermawez سەرماوەز | |
| | Befranbar بەفرانبار | |
| | Rêbendan ڕێبەندان | |
| | Reşemê ڕەشەمێ | |

لیستەکەی سەرەوە بە زانڕۆژی خۆت، خۆشەویست و دۆستانی خۆت پڕ بکەوە.

**بیری لێ بکەوە!**

کامە تەنی گەردوونی کاریگەرییان هەیە لەسەر پێواندنی کات؟

**ژمارەیەکم گرتۆتە دڵ**

لە پێنجسەد زیادترە، لە هەفتسەد کەمترە، دوا ڕەنووسی هەفتە، گشت ڕەنووسەکانی تاکن، کۆڕەنووسی پازدەیە. دەزانیت ژمارەکە چەندە؟

### لیستی زانرۆژی پۆل

| | |
|---|---|
| Kobanê | 03 25 |
| Zimnako | 11 06 |
| Mehabad | 02 14 |
| Jîr | 12 24 |
| Bêrî | 11 19 |
| Çîmen | 10 31 |
| Mîr | 07 16 |
| Yad | 04 27 |
| Mêrdin | 08 04 |
| Botan | 02 14 |
| Wan | 01 31 |

- کێ یەکەم کەس لە ساڵدا زانرۆژی هەیە؟
- کێ دوا کەس لە ساڵدا زانرۆژی هەیە؟
- کێ گشت ڕەنووسەکانی تاکن؟
- کێ گشت ڕەنووسەکانی جووتن؟
- کێ خاوەن بەرزترین کۆڕەنووسە؟
- کێن ئەوانەی هاوڕۆژن (زانرۆژیان وەک یەکە)؟
- کام کوڕ لە هەموان گەورەترە بە تەمەن؟
- کام کیژ لە هەموان بچووکترە بە تەمەن؟
- کێن ئەوانەی زانرۆژیان دەکەوێتە پشووی هاوینە؟
- کێ زانرۆژی دەکەوێتە نەورۆزەوە؟
- زانرۆژی چەند کەس دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە؟
- کامیان دەتوانێت لە زانرۆژی خۆیدا هەنجیر بچنێت؟

**ئەرک:** لیست و پرسیاری خۆت ئامادە بکە بۆ پۆلەکەت.

**بیری لێ بکەوە!**

- کام ژمێرکاریی لای تۆ هاسانترینە هزرزا ئەنجامدۆزی بکەیت: کۆکاری، کەمکاری جاراندن یان دابەشین؟
- کام ژمێرکاریی لای تۆ سەختترینە هزرزا ئەنجامدۆزی بکەیت: کۆکاری، کەمکاری جاراندن یان دابەشین؟
- لە چ دۆخێکدا پەنا دەبیتە بەر ژمێرکاریی هزرزا؟

**هێلکە**

یەک هێلکە بە هەشت خولەک دێتە کوڵ.

- پێنج هێلکە بە چەند خولەک دێنە کوڵ؟
- ئەدی کوڵاندنی چل هێلکە چەند دەخایەنێت؟

**خەزێنەی پۆل**

بایی ڕێک هەزار دۆلار کەلوپەلی گەمان بۆ پۆلەکەت بکڕە.

ئەم لیستی نرخە بەکار بهێنە. دڵی هەموانیش ئاسوودە بکە.
بیرکردنەوەی خۆت بە نیگارکێشی ڕاڤە بکە.


| کەلوپەل | نرخ |
|---|---|
| فوتبۆڵ | 150 |
| باسکیتبۆڵ | 75 |
| گۆچانی باندی | 50 |
| تۆپی باندی – پێنج دانە | 40 |
| سێتی باندمێنتۆن (ریشە) Badminton | 50 |
| تەنافی کورتی پەتپەتێن | 20 |
| تەنافی درێژی پەتپەتێن | 30 |
| هولاهوپ Hula hoop | 25 |
| شەترەنج | 150 |

**بیری لێ بکەوە!**

**یەک خولەک**

یەک خولەک شێست چرکەیە. چرکە زۆر کورتە. لە یەک خولەکدا فریای چی دەکەویت؟ هەوڵ بدە و نیشانەیەکی لێ بدە!

- ❖ یەک خولەک بێدەنگ بە.
- ❖ لە یەک خولەکدا هەتا سەد بژمێرە.
- ❖ چوار جار لە یەک خولەکدا گشت پیتەکانی ئەلفوبێ بخوێنەوە.
- ❖ یەک خولەک گۆرانی بچڕە.
- ❖ لە یەک خولەکدا ناوی شەش نووسەر بڵێ.
- ❖ لە یەک خولەکدا شەش وشەی ئینگلیزی بڵێ.
- ❖ لە یەک خولەکدا ناوی شەش وەڵات بڵێ.



وەڵامەکانت چۆن دۆزییەوە؟

- ❖ بە یارمەتیی ژمێرک.
- ❖ بە ژماردنی هزرزا.
- ❖ بە یارمەتیی خامە و کاخەز.
- ❖ بە یارمەتیی کەسێکی گەورەساڵ.
- ❖ بە یارمەتیی هەڤاڵێک.
- ❖ پێشنیازی دیکە...

**هونەرکاری**

تەختەیەکت هەیە چوار مەتر درێژ، بیست سانتیمەتر پان و دوو سانتیمەتر ئەستوور.

نەخشەی کتێبخانەیەک بکێشە چوار نهۆمی هەبێت. ئەندازەی خانەکان لەسەر نەخشەکە بنووسە.



https://www.vida.se

- ❖ بەرزیی کتێبخانەکە چەند دەرچوو؟
- ❖ پانیی کتێبخانەکە چەند دەرچوو؟
- ❖ چەند کتێب لەم کتێبخانەیەدا جێی دەبێتەوە؟

وێنەی ئەو کەلوپەلە بکێشە کە پێویستە بۆ دروستکردنی ئەم کتێبخانەیە.


**بیری لێ بکەوە!**

لە کام وانەی فێرگەدا جاروبار باسی ماتەماتیک دەکرێت؟

| | |
|---|---|
| ماتەماتیک | کوردی |
| ئینگلیزی | جیۆگرافی |
| مێژوو | دیناسی |
| جڤاکناسی (کۆمەڵایەتی) | سروشتناسی (زانست) |
| مێژوو | هونەرکاری |


- ❖ «چوومە چەمی چەقچەقان. چەقەڵ چەڵتووکی تەقاند». چەند «چ» لەو دەستەواژەیەدا هەیە؟
- ❖ چەند جار دەتوانیت کاخەزێک لە نیوەندا دووتا بکەیت.
- ❖ لانە دوازدە باپۆڵەی بۆ گەشتەکەیان ئامادە کردووە. منداڵەکان گشت باپۆڵەکانیان خوارد سێ دانەی نەبێت. چەند باپۆڵەی زیاد مایەوە؟

## نەخشەی گەنج




تێکستەکە بخوێنەوە و دووی بکەوە بزانە کێ لەم سێ برادەرە زووتر دەگاتە گەنجە شاراوەکە. ڕاستە بەکار بهێنە بۆ کێشانی هێڵەکان. دەراو (سەرشار، خاڵی دەستپێک)ی ئەم گەڕانە بە پیتی X نیشانە کراوە.

کێ ئەو گەنجەی دۆزییەوە؟




- ❖ شاباز: دوو سم باکوور، سێ سم خۆراوا، چوار سم باکوور، دوو سم خۆراوا، پێنج سم باشوور، یەک سم خۆرهەڵات، هەفت سم باکوور، دوو سم خۆرهەڵات.
- ❖ ژیندا: چوار سم باکوور، یەک سم خۆراوا، هەفت سم باکوور، شەش سم خۆرهەڵات، چوار سم باشوور، یەک سم خۆراوا، سێ سم باشوور، یەک سم خۆراوا، دوو سم باکوور.
- ❖ ڕێواس: دە ملم باکوور، چل ملم خۆرهەڵات، هەفتا ملم باکوور، بیست ملم خۆرهەڵات، دە ملم باکوور، پەنجا ملم خۆراوا، چل ملم باشوور، هەفتا ملم خۆراوا.

**بیری لێ بکەوە!**

گەر وەڵامی پرسیارێک نەزانیت وەها باشە کەمێک بجووڵێیت یان بۆ ماوەیەکی کورت بیر لە بابەتێکی خۆش بکەیتەوە.

| | دروستە | هەڵەیە |
|---|---|---|
| ملیارد نۆ سفری هەیە | | |
| کۆکاری سەختترە لە کەمکاری | | |
| جاراندن واتە «کەڕەت» | | |
| یەک میللیمەتر گەورەترە لە یەک مەتر | | |
| سەنگی یەک گەڕۆک (سەیارە، ماشێن) زیادترە لە هەزار کیلۆگرام | | |

**خۆشاو**

هەر یەک لەم جۆرانە چەند خۆشاوی لێ ساز دەبێت؟

- ❖ یەک لیتر خۆشاوی خەستی شیلێک (تووفەرەنگی) خاو دەکرێتەوە: هەر یەکەیەک خۆشاوی خەست + چوار یەکە ئاو
- ❖ نیو لیتر خۆشاوی خەستی پرتەقاڵ خاو دەکرێتەوە: هەر یەکەیەک خۆشاوی خەست + پێنج یەکە ئاو
- ❖ یەک و نیو لیتر خۆشاوی خەستی هەرمێ خاو دەکرێتەوە: هەر یەکەیەک خۆشاوی خەست + سێ یەکە ئاو

**پرسیار**

- ❖ کام لەو جۆرانەی خۆشاو لای تۆ خۆشە؟
- ❖ گەر گشت ئەو خۆشاوە بەسەر پۆلەکەتاندا دابەش بکرێت، یەکی چەندی بەر دەکەوێت؟

**بیری لێ بکەوە!**

- ❖ دەتوانم دە مەتر پشتەمەلە ببڕم.
- ❖ دەتوانم هەفتاوپێنج مەتر لە ئاوی قووڵدا مەلە بکەم.
- ❖ دەتوانم بیست مەتر لە ئاوی شەپۆلداردا مەلە بکەم.
- ❖ دەتوانم پێنج مەتر قووڵەمەلە (چوونە ژێر ئاو، نوقومبوون) بڕۆم.
- ❖ دەتوانم دووسەد مەتر بە سینەمەلە ببڕم.
- ❖ دەتوانم سەد و پەنجا مەتر بە بۆقەمەلە ببڕم.

**گۆرانی**

پێنج کوڕ و چوار کیژ دوو دوو گۆرانیی جیاواز دەڵێن، یەک کوڕ و یەک کیژ، وێکڕا گۆرانییەک دەڵێن.

دەبێت سەرجەم چەند گۆرانی بڵێن بۆ ئەوەی هەموو کوڕێک تەک هەموو کیژێک یەک گۆرانی بڵێت؟


**تەونی ئالگۆریتم**

جار هەیە ژماردن هاسان نییە و ژمێرکیش دەست ناکەوێت. لە باری وەهادا مرۆڤ پێنووس و کاخەز بەکار دەهێنێت. بەمیان دەگوترێت پەنابردنە بەر ئالگۆریتم. تۆ ئالگۆریتم دەیزانیت؟

هەوڵێک بدە و پاشان بە ژمێرک کۆنترۆلی ئەنجامەکان بکە.

| دابەشین | جاراندن | کەمکاری | کۆکاری |
|---|---|---|---|
| هانا دووسەد و چلوهەشت دۆلاری هەبوو. ئەم گوژمەیەی کردە دوو بەشی یەکسان. هەر بەشەی چەند دۆلارە؟ | ژۆزێف دوو هەفتە لەسەر یەک، هەفتانەکەی سەد و بیستوسێ دۆلار بوو. سەرجەم چەندی وەرگرت؟ | سۆما شێستوهەشت دۆلاری هەیە، سیوشەشی لێ خەرج دەکات. ئەوجا چەندی ماوە؟ | کاژین بیستوچوار دۆلاری هەیە و بیستودووی دێتە سەر. ئەوجا چەندی هەیە؟ |
| 248/2 = | 123 x 2 = | 68 – 36 = | 24 + 22 = |
| 369/3 = | 245 x 3 = | 60 – 32 = | 37 + 39 = |
| 424/4 = | 375 x 5 = | 306 – 127 = | 468 + 257 = |

چەندی دروست دەرچوو؟



**خولۆکە** – بزاوتنی ئەم سیستەمە خولۆکەیە بە تیرەسا پێشان بدە.

**بیری لێ بکەوە!**

| دەستەواژە | دروستە | هەڵەیە |
|---|---|---|
| بۆ ژماردنی پارە و دێسیمال باشە. | | |
| خۆشهەڵەیە... هەڵە زۆر ڕوو دەدات کاتی داخونکردنی ژمارە. | | |
| ژمێرک هەمیشە لە ژمێرکاریی هزرزا خێراترە | | |
| مرۆڤ دەبێت هەمیشە وەڵامی ژمێرک کۆنترۆل بکاتەوە، بزانێت گونجاوە. | | |


### نیگارکێشی

دەتوانیت ئەمەی خوارەوە لە ماوەی سێ خولەکدا نیگارکێش و ڕەنگڕێژ بکەیت؟

- ❖ ڕووبەڕووی خانوویەک و باخێک ڕاوەستاویت.
- ❖ خانوویەکی سووری دوو نهۆم و دەرگەیەکی سپی نیگارکێش بکە.
- ❖ دەرگەکە چوار خانەی چوارگۆشەی شووشەداری هەیە.
- ❖ پێشاری خانووکە چوار پەنجەرەی هەیە.
- ❖ پەردەی نهۆمی خوارەوە خانەخانەن.
- ❖ لە نهۆمی دووهەم خاڵخاڵن.
- ❖ بانی خانووەکە نۆ ڕیز خشتە.
- ❖ دووکەڵکێش لە نێوەندی سەربانەکەیە.
- ❖ سێ دارسێو لە باخەکەدا هەن.
- ❖ خانووەکە بە پەرژین دەوری دراوە و پەرژینەکە دەروازەی هەیە.
- ❖ لە باخەکەدا مێزێک، شەش کورسی و سەیوانێکی تێدایە.
- ❖ چوار گوڵەبەڕۆژەی زەردی دوو مەتری تەنیشت دیواری خانووەکەن.
- ❖ هەفت مەل بە ئاسمانەوەن.
- ❖ سووچەکانی خانووکە سپین.

### بیری لێ بکەوە!

میلەکانی ئەم کاتژمێرە بخە سەر 15:45.



### چوارگۆشەی جادووبەند

ئەنجامێک هەیە چەند جارێک دێتە پێش. چەندە و چەند جار دێتە پێش؟

| | | | |
|---|---|---|---|
| 15 | 10 | 3 | 6 |
| 4 | 5 | 16 | 9 |
| 14 | 11 | 2 | 7 |
| 1 | 8 | 13 | 12 |

**چادر**

پۆلێک تەک دوو مامۆستا، یەک ژن و یەک پیاو، دەچن بۆ گەشت و شەو لە دەشت دەمێننەوە. دوو دانە چادری دوو نەفەری، دوو دانەی سێ نەفەری و یەک دانەی پێنج نەفەرییان هەیە. چادری کوڕان و کچان جودان. نیگاری چادرەکان بکێشە و ناوی چادرنشینەکانیان لە تەنیشت بنووسە.

ئاکۆ، پەری، دەریا، هەنار، ئازاد، ڕەوەند، هانا، شێرکۆ، ژولیا، دارین و شەماڵ

**بیری لێ بکەوە!**

دوو بابەت ئەمسەر و ئەوسەری هێڵەکەیان گرتووە و تۆ بۆت هەیە لە نێوانیاندا هەڵبژێریت. گەر هەردووکیانت گەرەکە ئەوا نیشانەیەک لە نێوەڕاستی هێڵەکە بدە. گەر خاڵێکیان کەمێک گرینگترە ئەوا نیشانەکە کەمێک لەو خاڵەوە نێزیک بخەوە. گەر یەک خاڵیان زۆر زیاتر لای تۆ گرینگە ئەوا نیشانە تەنها لەو خاڵە بدە.


ماتەماتیک – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – وەرزش

بۆ؟ – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – –


زیرەکی – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – جوانی

بۆ؟ – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – – –

زارێکی شەش دیو چەند خاڵی هەیە؟



**کونچکاو**



نامەی دڵداری لە خانەیەکی ئەم دۆڵابەدا شاردراوەتەوە. ڕێنوێنییەکان بخوێنەوە و خانەکان بە ناوی بابەتەکانیان پڕ بکەوە. ئەو خانەیەی دەمێنێت خاوەن ئەڤینامەیە.

ژمارەی خانەکان لە ڕیزەکاندا وەک یەک نین. خانەکان بە پێی بەشیان لەو ڕیزەدا، ناوزەد دەکرێن.

❖ هەردوو شەشیەکی سەرپەڕ بەردی جوانی تێدایە.
❖ پێنجیەکی سەرپەڕی چەپ پێنووستاش (قەڵەمتاش)ـی تێدایە.
❖ هەردوو چواریەکی نێوەڕاست زەرف و کاخەزی نامەی تێدایە.
❖ سێیەکی نێوەڕاست ژێرپۆشی تێدایە.
❖ پێنجیەکی ژێر خانەی تیشێرت و ژێرپۆش، ڕاستەی تێدایە.
❖ شەشیەکی پێشکۆتای سەرپەڕی چەپ، زاری تێدایە.
❖ شەشیەکی پێشکۆتای سەرپەڕی ڕاست، تۆپی تێدایە.
❖ سێیەکی چەپ تیشێرتی تێدایە.
❖ چواریەکی سەرپەڕی چەپ، بنێشتی تێدایە.
❖ پێنجیەکی نێوەڕاست پێنووسی تێدایە.
❖ پێنجیەکی سەرپەڕی ڕاست لاستیکی کوژانەوەی تێدایە.
❖ چواریەکی سەرپەڕی ڕاست، کتێبی تێدایە.
❖ هەردوو شەشیەکی نێوەڕاست واژووی ناودارانی تێدایە.
❖ سێیەکی ڕاست گۆرەوی تێدایە.

ئەڤینامەکە لە کوێدایە؟






**بیری لێ بکەوە!**


بۆ ئەوەی تووشی کەرتبوون نەبین وەها باشە «گشت» دابەش بکەین بەسەر بەشی یەکساندا.

**زمانی ماتەماتیک**

لێرەدا چەمکی ماتەماتیکی نێو ئەم کتێبە ڕاڤە دەکرێن.

<table dir="rtl">
<tr><td>ڕەنووس</td><td colspan="7">تۆ، بۆ دروستکردنی ژمارە، ڕەنووس بەکار دەهێنیت.<br>0 1 2 3 4 5 6 7 8 9</td></tr>
<tr><td rowspan="2">بەهای خانە</td><td colspan="7">بەهای ڕەنووس لە نێو ژمارەدا، بۆ نموونە: 1 234 567<br>یەک میلیۆن و دووسەد و سیوچوار هەزار و پێنجسەد و شێستوهەفت</td></tr>
<tr><td>7<br>یەکان</td><td>6<br>دەیان</td><td>5<br>سەدان</td><td>4<br>هەزاران</td><td>3<br>دەیان هەزار</td><td>2<br>سەدان هەزار</td><td>1<br>میلیۆن</td></tr>
<tr><td>ژمارە</td><td colspan="7">سەرجەم ئەوەی ڕەنووسەکان باسی لێ دەکەن، بۆ نموونە بیستوپێنج فێرخواز.</td></tr>
<tr><td>کۆڕەنووس</td><td colspan="7">کۆی ئەو ڕەنووسانەی لە ژمارەکەدا هەن، بۆ نموونە: کۆڕەنووسی «سەد و بیستوسێ» یەکسانە بە شەش:<br>123 ➔ 1 + 2 + 3 = 6</td></tr>
<tr><td>تاکژمار</td><td colspan="7">ئەو ژمارەیەی گەر کردتە دوو دەستەی هاوتا یەکی تاک دەمێنێت: 1, 3, 5, 7, 9</td></tr>
<tr><td>جووتژمار</td><td colspan="7">ئەو ژمارەیەی دەتوانیت بیکەیتە دوو دەستەی هاوتا: 2, 4, 6, 8</td></tr>
<tr><td>پارژمار</td><td colspan="7">Fraction، کەرت، کەرتەژمار، ژمارەی کەرت. بۆ نموونە: 1/4, 1/2<br>پارژمار کرمانجییە و «پار» لە پارچەوە هاتووە.</td></tr>
<tr><td>دێسیمال</td><td colspan="7">0.25, 0.5</td></tr>
<tr><td>ڕێژەی سەدی</td><td colspan="7">25%, 50%</td></tr>
</table>

| لاکێشە | چوارگۆشە | سێگۆشە | بازنە | لوولەک | شەشپاڵوو |
|---|---|---|---|---|---|
|  |  |  |  |  |  |

| ڕێکگۆشە | تیژگۆشە | پەلگۆشە |
|---|---|---|
|  |  |  |

| | |
|---|---|
| **کۆکاری** | خستنەسەریەک 2 + 3 = 5 |
| **کەمکاری** | لێ دەرکردن 5 – 2 = 3 |
| **جاراندن** | کۆکارییەکی فرەپاتە 3 * 4 = 12, 4 + 4 + 4 = 12 |
| **دابەشین** | بۆ بەشبەشکردنە 12/4 = 3 |

**یەکەی درێژی بۆ پێواندنی ئەندازەی بابەتە.**

یەک کیلۆمەتر دەکاتە هەزار مەتر. 1 kilometer (km) = 1000 meter (m)

یەک مەتر دەکاتە دە دێسیمەتر، سەد سانتیمەتر، هەزار میللیمەتر

1 meter (m) = 10 decimeter (dc) = 100 centimeter (cm) = 1000 millimeter (mm)

**یەکەی پێوانەی سەنگ (بارستە):**

- یەک تۆن دەکاتە هەزار کیلۆگرام 1 ton (tonne, t) = 1000 kilogram (kg)
- یەک کیلۆگرام دەکاتە دە هێکتۆگرام و دەکاتە هەزار گرام
- 1 kilogram (kg) = 10 hektogram (hg) = 1000 gram (g)

**یەکەی کات مەودای کات پیشان دەدەن.**

یەک هەزارە دەکاتە دە سەدە، دەکاتە سەد دەیە و دەکاتە هەزار ساڵ

یەک ساڵ دەکاتە دوازدە مانگ، پەنجاودوو هەفتە و دەکاتە 365 ڕۆژ (366 ڕۆژ بۆ ساڵی پڕ)

یەک ڕۆژ دەکاتە بیستوچوار کاژێر، یەک کاژێر دەکاتە شێست خولەک، یەک خولەک دەکاتە شێست چرکە.

Millennium, Century, Decade, Year, Leap year, Month, Week, Day, Hour, Minute, Second

**یەکەی قەوارە بۆ پێواندنی ناواخنی بابەتە.**

یەک لیتر دەکاتە دە دێسیلیتر، سەد سانتیلیتر، هەزار میللیلیتر

1 liter (l) = 10 deciliter (dl) = 100 centiliter (cl) = 1000 milliliter (ml)

**یەکەی ڕووبەر بۆ پێواندنی ڕووبەری بابەتە.**

یەک مەتری دووجا $1\ m^2$ بۆ نموونە ڕووبەری شوێنێکە یەک مەتر درێژ و یەک مەتر پان بێت.

**پێوەر (سکێل) بۆ گەورەکردنی بابەتی بچووک و بچووککردنەوەی بابەتی گەورەیە.**

| | |
|---|---|
| 1:100 | یەک سانتیمەتر لەسەر نەخشە دەکاتە سەد سانتیمەتر لە ڕاستیدا، بچووککردنەوە. |
| 2:1 | یەک سانتیمەتر لە ڕاستیدا دەبێتە دوو سانتیمەتر لەسەر نەخشە، گەورەکردن. |

**پرسیاری سێ بژارە**

بەرسڤی دروست بازنەکێش بکە!

| **پرسیار** | **2** | **X** | **1** |
|---|---|---|---|
| کامیان تاکژمارە؟ | 9 | 8 | 6 |
| کام ژمێرکارییە بریتییە لە کۆکاریی فرەپات؟ | جاراندن | دابەشین | کەمکاری |
| چەند مانگ لە یەک ساڵدا جێیان دەبێتەوە؟ | 31 | 12 | 24 |
| چەند میللیمەتر لە یەک سانتیمەتردا جێی دەبێتەوە؟ | 1000 | 100 | 10 |
| بۆ پێواندنی ناواخنی بوتڵێک کام یەکەی پێوانە بەکار دەبەیت؟ | مەتری دووجا | سێنتیلیتر و لیتر | کیلۆگرام و گرام |
| ئەم نیگارە ناوی چییە؟  | بازنە | شەشپاڵوو | لوولەک |
| لەسەر نەخشەیەک نووسراوە «پێوەر 1:1000». ئەم کام جۆر نەخشەیە؟ | بچووککردنەوە | کۆپیکردن | گەورەکردن |
| نیشانەی % ناوی چییە؟ | ڕێژەی سەدی | دێسیماڵ | پارژمار |
| یەک تۆن چەند کیلۆگرامە؟ | 1000 kg | 100 kg | 10 kg |
| کۆڕەنووسی 987 دەکاتە چەند؟ | 54 | 24 | 20 |
| ژمارەی 3 456 چەند ڕەنووسی هەیە؟ | 2 | 7 | 4 |
| هێمای $m^2$ نیشانەی چییە؟ | دوو ملیۆن | مەتری دووجا | مانگی دووهەم |

**بەرۆکگیریی دیکە**

- ❖ چیرۆکێک دابڕێژە دەربارەی خۆت کە سەد میلیۆن دۆلارت بردۆتەوە؟
- ❖ چەند ژمارە دەتوانیت لە یەک خولەکدا بنووسیت؟
- ❖ «خاچەڕیز» (وشەی یەکتربڕ) لە تێکستی ژمارە ساز بکە، بۆ نموونە بیست، سێسەد، هەشت هەزار...
- ❖ «خاچەڕیز» بە ژمارە ساز بکە
- ❖ ژمارە لە ڕۆژنامان ببڕە و بە پێی گەورەییان ڕیزبەندیان بکە
- ❖ زارگەمەیەک ساز بکە دەربارەی بازاڕ.
- ❖ کێبەرکێیەکی شەترەنج بۆ فێرخوازان ساز بکە.
- ❖ نەخشەی خانوویەک بکێشە پێنج لاکێشە، چوار چوارگۆشە، سێ سێگۆشە و دوو بازنەی تێدا بێت.
- ❖ دیدارێک ساز بکە دەربارەی ماتەماتیک.
- ❖ چیرۆکیک دەربارەی ژمارە و خولیاکانی خۆت دابڕێژە.
- ❖ باسێک بۆ پۆلەکەتان دەربارەی گەمەی کارت ساز بکە.
- ❖ چەند مەتەڵێک فێر بە و بۆ پۆلەکەتانی باس بکە.
- ❖ وێنەیەک یان نەخشەیەک بکێشە و پاشان بیکە بە بیست کەرتەوە و کەرتەکان تێکەڵ بکە. ئەوجا هەوڵ بدە پارچەکان بخەیتەوە جێی دروستی خۆیان بۆ ئەوەی تابلۆکە کۆ ببێتەوە.
- ❖ هەتا چەند دەتوانیت بژمێریت لە ماوەی پێنج خولەکدا؟
- ❖ نەخشێک دابڕێژە بە هەفت بازنە، چوار چوارگۆشە، پێنج لاکێشە و سێ سێگۆشە.
- ❖ ڕیکۆردی کەسەکیی خۆت (ئەو ژمارانەی خۆت پێیان نازۆیت و لات گرینگن) تۆمار بکە.
- ❖ نیگاردۆزی لە ئاڵادا. لە نێو ئاڵاکانی جیهاندا بگەڕێ و نیگاری لاکێشە، بازنە، چوارگۆشە، سێگۆشە... بدۆزەوە.
- ❖ لیستێک بە خواستەکانی خۆت ساز بکە و ئەوجا ڕاڤەی بکە بۆچی ئەم خاڵانە خوازیاری تۆن.

**هەڵسەنگاندن**

- ❖ بەروار - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ پۆل - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ ناوی مامۆستاکەت - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ کارکردن تەک «بەرۆکگیریی ماتەماتیکانە» چۆن بوو؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ لە کام هەفتەی خوێندندا کارت بەم کتێبە کرد؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ سوودت لە چ یاریدەرێک وەرگرت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ کام لاپەڕە لە هەموان خۆشتر بوو؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
  بۆچی؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ کام لاپەڕە لە هەموان سەختتر بوو؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
  بۆچی؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بۆچوونەکانت تەک هەڤاڵان دەکەیتە بابەتی گفتۆگۆ؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ دەوێریت چارەسەرەکانی خۆت بۆ پۆلەکەت ڕاڤە بکەیت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بەدەم ئەنجامدۆزیی پرسیارەوە نیگار دەکێشیت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بەدەم ئەنجامدۆزیی پرسیارەوە کاخەز و پێنووس بەکار دەهێنیت؟ - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بە بۆچوونی تۆ، کەی باشترین کاتە بۆ فێربوونی ماتەماتیک؟ - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ چی هەیە لە ماتەماتیکدا پێت خۆشە زیادتری لێ بزانیت؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - -
- ❖ بۆچوونت بەرانبەر ماتەماتیک چۆنە؟ - - - - - - - - - - - - - - - - - -

www.sica.se

«...»